# یاخیبوونی بۆرژوا مووچەخۆرەکان

سلاڤۆی ژیژەک

و. محەمەد فایەق

بیل گەیتس چۆن بوو بە دەوڵەمەندترین پیاوی ئەمریکا؟ سامانەکەی هیچ پەیوەندیی بەوەوە نیە کە مایکرۆسۆفت بەرهەمەکانی لەچاو ڕکابەرەکانی دا بە هەرزانتر دەخاتەڕوو، یاخود سەرکەوتووانەتر کرێکارەکانی دەچەوسێنێتەوە(مایکرۆسۆفت پارەی زیاتر دەدات بە کرێکارە هزرییەکانی[1]). لەگەڵ ئەوەشدا ملیۆنان کەس هێشتا بەرهەمەکانی مایکرۆسۆفت دەکڕن، چونکە مایکرۆسۆفت خۆی وەکو ستانداردێکی جیهانی سەپاندووە؛ بەتەواوەتی کایەکەی قۆرخکردووە؛ وەک نمونەیەک بۆ ئەو شتەی کە مارکس پێیدەوت " کاری زەینیی گشتی[2]"، کە مەبەست لێی زانینی هاوبەش بوو لە هەموو شێوازەکانی دا، هەر لە زانستەوە بیگرە تا چۆنیەتیی ئەنجامدانی هەرشتێک. گەیتس، بە شێوەیەکی کارا لەڕێگەی خاوەندارێتیکردنی بەشێکی ئەو کارە زەینییە گشتییەوە دەوڵەمەند بوو بەهۆی دەستبەسەراگرتنی ئەو کرێیەی کە بەدەستدەهات.

ڕەنگە ئەگەری بەتایبەتیکردنی کاری زەینیی گشتی شتێک بووبێت کە مارکس، لە نوسینەکانیدا لەسەر سەرمایەداری، هەرگیز وێنای نەکردبێت (بەزۆری لەبەر ئەوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی پشتگوێ خستبوو). گەرچی کرۆکی ململانێی ئەم سەردەمە هەوڵی زەوتکردنی خاوەندارێتیی هزری؛ لەگەڵ زیادبوونی ڕۆڵی کاری زەینیی گشتی دا، کە بنچینەکەی زانینی هاوبەش و هەماهەنگیی کۆمەڵایەتییە، لە کۆمەڵگە پاشپیشەسازییەکاندا، دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی سامان لە هەموو ڕووەکانەوە بەبێ ڕەچاوکردنی ڕادەی بەکارهێنانی هێزی کار لە بەرهەمهێنانی دا. دەرەنجامەکە ئەوە نیە کە مارکس پێشبینیی دەکرد، کە هەڵوەشانەوەی سەرمایەدارییە؛ بەڵکو گواستنەوەیەکی پلەبەپلەی قازانجی بەرهەمهێنراوە لەڕێگەی چەوساندنەوەی کرێکارەوە بۆ **کرێ**یەک کە لەڕێگەی بەتایبەتیکردنی زانینەوە[3] بەدەست دەخرێت.

هەمان شت سامانە سرووشتییەکانیش دەگرێتەوە؛ لەڕێگەی چەوساندنەوەیەکەوە، کە سەرچاوەی یەکەمی کرێیە لە جیهاندا. ململانێیەکی بەردەوام هەیە کە کێ کرێکەی دەستدەکەوێت خەڵکی وڵاتەکە یان کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان. دژیەکی و ئایرۆنییەکە لێرەدایە، کە مارکس لە بەراوردکردنی نێوان کرێکار(کە بەگەڕخستنی زیادەبەها درووستدەکات) و کاڵاکانی تردا(کە مەسرەفکردنی هەموو بەهاکەی لە بەکارهێناندا بەکاردەبات) نەوتی وەک کاڵایەکی "ئاسایی" ناساندووە. کەواتە هەر هەوڵێک بۆ پەیوەستکردنی نرخی نەوت بە هەڵکشان و داکشانی تێچووی بەرهەمهێنانی یاخود نرخی هێزی کاری چەوساوە، بێمانا دەبێت. تێچووی بەرهەمهێنان پشتگوێدەخرێت بەهۆی بوونی بە پشکێک لەو نرخەی

---

[1]. intellectual workers
[2]. general intellect
[3]. the privatisation of knowledge

دەیدەین بە نەوت، نرخێک کە لە ڕاستییدا ئەو کرێیەیە کە خاوەن سەرچاوەکان ئارەزوویدەکەن لەئەنجامی کەمیی دابینبوونیەوە.

دەرەنجامی زیادبوونی بەرهەمهێنان، کە بەهۆی گەشەی لەڕادەبەدەری کاریگەریی زانینی هاوبەشەوەیە(collective knowledge )، بووەتەهۆی هێنانی گۆڕانێک بەسەر ڕۆڵی بێکاریدا. ئەوە سەرکەوتنی ڕاستەقینەی سەرمایەدارییە (کارامەیی زیاتر، زیادبوونی بەرهەم) کە بێکاری درووستدەکات، بە بەردەوامی کرێکار بێکەڵک دەکات؛ ئەوەی کە دەبووایە وەک نیعمەتێک سەیربکرایە – کاری کەمتر- بوو بە نەفرەتێک. یاخوود بە دەربڕینێکی دیکە چانسی چەوساندنەوەی لە کارێکی هەمیشەییدا ئێستا وەک ئیمتیازێک تەماشادەکرێت. بازاڕی جیهانی، هەر وەکو فریدریک جیمسۆن ئاماژەی بۆ دەکات، 'فەزایەکە کە تێی دا هەموو کەسێک جارێک بووە بە هێزی کاری بەرهەمهێنەر، هەروەها هێزی کار لە هەموو شوێنێکیشدا بەهۆی سیستەمەکەوە نرخ بۆ خۆی دادەنێت. بەجیهانیبوونی بەردەوامی سەرمایەداری وایکردووە کە بێکاری چیدی بەتەنیا نەکەوێتە ناو " لەشکری ئیحتیاتی هێزی کار"ەوە وەک ئەوەی مارکس ئاماژەی بۆ کردبوو؛ بەڵکو ئەوەش بگرێتەوە کە جیمسۆن باسیدەکات: «ئەو کۆمەڵە دانیشتووانە گەورانەی کە وەک بڵێی هەر وابوون، "کەوتوونەتە دەرەوەی مێژوو"ـەوە؛ ئەوانەی کە بەمەبەست فڕێدراونەتە دەرەوەی بەمۆدێرنکردنی سەرمایەداریی جیهانیی یەکەمەوە، و وەک بێهیوا و کەیسە کۆتاییەکان ناوزەدکراون»: دەوڵەتە بەناو شکست خواردووەکانی وەک (سۆماڵیا و کۆنگۆ)؛ قوربانییانی کارەساتە سرووشتی و ژینگەییەکان؛ ئەوانەی گیریان خواردووە لەناو کۆنە 'ڕقە ئەتنی'یە ساختەکاندا، ئۆبێکتەکانی مرۆڤدۆستەکان و NGOکان یان بەرکەوتووانی شەڕی ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆر. لە بەر ئەوە پۆلێنبەندیی بێکاری بڵاوبووەتەوە بۆ مەودایەکی فراوانی خەڵک، هەر لە بێکاری کاتییەوە، بۆ ئەوانەی چیتر ناتوانرێت بەکاربخرێن و ئەوانەی بۆهەتاهەتایە بێکارن، بۆ هەموو ئەو بێدەرەتان و بێماڵوحاڵانەی لە ژێر کوخێکدا دەژین(هەمووی ئەوانەی کە مارکس خۆی زۆرجار پشتگوێی خستوون، 'لۆمپن پرۆلیتارەکان')؛ و لە کۆتاییدا هەموو ئەو کۆمەڵگە و دەوڵەتانەی کە کراونەتە دەرەوەی پرۆسەی بەجیهانیبوونی سەرمایەداری، وەک بۆشاییەکی سەر نەخشەیەکی کۆنیان لێهاتووە.

بە بۆچوونی هەندێ کەس ئەم فۆرمە نوێیەی سەرمایەداری دەبێتەهۆی درووستکردنی ئەگەری نوێی ڕزگاری. لەپێش هەموویانەوە ئەمە تێزی مایکڵ هارت و ئەنتۆنی نێگرییە لە کتێبەکەیان دا بەناوی ***حەشامات*** *Multitude*، کە تێیدا لە هەوڵی ڕادیکاڵکردنەوەی مارکسدان کە پێیوابوو کە بە تەنیا گەر سەری سەرمایەداری پانبکەینەوە ئەوا دەگەین بە سۆسیالیزم. مارکس، وەک ئەوەی ئەوان دەیبینن، لەڕووی مێژووییەوە ناچار و کۆتوبەندکرابوو: لەو باوەڕەدا بوو لەڕوانگەی کارێکی پیشەسازیی سەنتراڵ و خۆکرد و بەشێوازێکی هەرەمی ڕێکخراوەوە، هەروەها لە ئەنجامی تێگەیشتنی لە کاری "زەینیی گشتی"یەوە وەک شتێکی نزیک لە کارگوزارێکی ڕێکخراوی ناوەندی؛ ئەوە تەنیا ئەمڕۆیە کە بەهۆی زیادبوونی 'هێزی کاری نامادی'یەوە، کە شۆڕشێکی ئاوەژووکەر بووە بە 'توانست و ئەگەرێکی ئۆبێکتیڤ'. هێزی کاری نامادی دوو جەمسەر دەگرێتەوە: لە هێزی کاری زەینییەوە(بەرهەمهێنانی ئایدیا، و دەق و پرۆگرامی کۆمپیوتەر، هتد) بۆ هێزی کاری سۆزدارانە[4] (کە لەلایەن دکتۆر، و دایەنەکان و کارمەندانی فڕۆکەخانەکانەوە ئەنجامدەدرێت). ئەمڕۆ هێزی کاری نامادی هەژموونیی خۆی سەپاندووە بەو مانایەی کە مارکس باسی هەژموونی بەرهەمهێنانی گەورەی پیشەسازیی دەکرد لە سەرمایەداریی سەدەی ١٩دا: خۆ داسەپاندنەکەی بەهۆی هێزی ژمارەکەیەوە نیە، بەڵکو بەهۆی ڕۆڵگێڕانێکی بونیادیی سەرەکی و سیمبولیەوەیە. ئەوەی کە پەیدابوو پانتاییەکی بەرفراوانە بە ناوی 'شتە هاوبەشەکان'ـەوە[5]: زانینی هاوبەشیپێکراو و شێوازێکی نوێی پەیوەندییەکان و هەماهەنگی. بەرهەمەکانی بەرهەمهێنانە نامادییەکان ئۆبێکت و کاڵا نین، بەڵکو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و نێو-کەسیی نوێن؛ بەرهەمهێنانە نامادییەکان زیندە-سیاسیین، بەهەمی ژیانی کۆمەڵایەتیین.

---

[4]. affective labour

[5]. "Common"

هارت و نێگری باسی ئەو پرۆسەیە دەکەن کە ئەمڕۆ ئایدۆلۆژیستەکانی سەرمایەداریی "پۆستمۆدێرن" وەک سەرکەوتنی گواستنەوە لە بەرهەمهێنانی مادییەوە بۆ بەرهەمهێنانی سیمبولی؛ لە لۆژیکی هەرەمیی ناوەندییەوە بۆ لۆژیکی خۆ-ڕێکخستن و هەماهەنگییە فرەسەنتەرەکان شتەکە دەبینن. جیاوازییەکە ئەوەیە کە هارت و نێگری بەئەمەکن بۆ مارکس: لە هەوڵی سەلماندنی ئەوەدان کە لەسەر حەق بوو، ئەوەی کە هەڵکشانی کاری زەینیی گشتی لە دوورمەودادا ناگونجێت لەگەڵ سەرمایەدارییدا. ئایدۆلۆژیستەکانی سەرمایەداری لە هەوڵی سەلماندنی پێچەوانەکەیدان: کاتێك دەڵێن، تیۆری مارکسی (و پراکتیزەکەشی) لەناو سنوربەندیی لۆژیکیی هەرەمی دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەتدا قەتیس بوو و ناتوانێت سەودا بکات لەگەڵ کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی زانیاری دا. چەندین هۆکاری ئەزموونی هەن بۆ ئەم ئاخاوتنە: ئەوەی کە ڕژێمە کۆمۆنیستییەکانی ڕووخاند، ئەوە بوو کە نەیانتوانی خۆیان لەگەڵ ئەو لۆژیکە کۆمەڵایەتییە نوێیەدا بگونجێنن کە شۆڕشی زانیاری بەردەوامیی پێدەدا. لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە بەر بە شۆڕش بگرن، بە مەبەستی ئەنجامدانی پرۆژە پلانێکی تری سەنتراڵی گەورەی دیکە. پارادۆکسەکە لێرە دایە، ئەوەی کە هارت و نێگری وەک ئاماژەیەکی بێوێنە دەینرخێنن بۆ زاڵبوون بەسەر سەرمایەدارییدا، ئایدۆلۆژیستە سەرمایەدارەکان وەک ئاماژەی پەیدابوونی سەرمایەدارییەکی بێبەرکەوتن(frictionless) تەماشای شۆڕشی زانیاری دەکەن.

شیکارییەکانی هارت و نێگری چەند خاڵێکی لاوازی تێدایە، کە یارمەتیمان دەدات تێبگەین سەرمایەداری چۆن توانیویەتی زاڵ بێت بەسەر ئەو ڕێکخستنە نوێیەی بەرهەمهێناندا(بە تێگەیشتنە مارکسییەکە) کە دەبوو تێیپەڕێنێت. ئەوان ئەو مەودایەیان بەکەم نرخاند کە سەرمایەداریی ئەمڕۆ توانیویەتی سەرکەوتووانە(گەر بۆ کورتمەوداش بێت بەلای کەمەوە) خودی کاری زەینیی گشتی بەتایبەتی بکات، هەروەها ئەو مەودایەشی، کە زیادتر، زیادتر بۆرژوازی و کرێکار خۆیشیان وەک زیادەیەکیان لێ دێت(کە زۆربەیان نەک هەر بۆ ماوەیەکی کەم بەڵکو بە بەشێوەیەکی بونیادی و ستراکچەری ناتوانرێت کاریان هەبێت).

گەر سەرمایەداریی کۆن ئایدیاڵیانە وەبەرهێنەرێکی بەگەڕبخستایە کە وەبەرهێنانی لە پارەکە خۆی یا قەرزێکدا بکردایە، کە هەر خۆی ڕیکخەر و بەڕێوەبەری بووایە، و لە دوایش دا قازانجەکەی بدوورایەتەوە؛ ئەوا ئایدیاڵێکی نوێ خەریکە پەیدادەبێت. چیدی ئەو وەبەرهێنەرە نیە کە خاوەنی کۆمپانیاکەی بوو، بەڵکو جێبەجێکارێکی شارەزا ( یاخود بۆردێک بەسەرپەرشتیی یەکێك 'CEO' 'یەک بەڕێوەدەچێت) کە کۆمپانیایەک بەڕێوەدەبات کە خاوەنەکەی بانکێکە(هەروەها لەلایەن چەندین بەڕێوەبەریشەوە بەڕێوەدەبرێن کە خاوەنی بانک نین) هتد. لەم ئایدیاڵە نوێیەی سەرمایەدارییدا، بۆرژوا کۆنەکان کە ناکاریگەر و ناپێویست بوون، بۆیە وەک بەڕێوەبەری موچەخۆر ئەرکیان پێ دراوەتەوە: ئەندامە نوێکانی بۆرژوازی مووچەوەردەگرن، تەنانەت گەر خاوەنی بەشێکی کۆمپانیاکەش بن، پشک بەدەستدەخەن بەهۆی ڕێزلێنانیانەوە ('بەخشش' بۆ 'سەرکەوتنەکان'یان'). ئەم جۆرە نوێیەی بۆرژوازی هێشتا زیادەبەها بەدەستدەخات، بەڵام بەشێوەیەکی(تەمومژاوی) لەژێر ناوی ئەو شتەی کە پێی دەوترێت 'زیادە مووچە': زۆر زیاتر وەردەگرن لە 'کەمترین مووچە'ی پرۆلیتاریایەک(ڕێژەیەکی دانراوی ئوستورەیی کە تەنها شوێنانێک نمونەی ڕاستەقینە بن کرێکاری شیرینیخانەکانی چین و ئەندۆنیزیایە)، ئەوە ئەم جیاکارییەیە لە پرۆلیتاریای ئاسایی کە پێگەکەیان دیاریدەکات. بۆرژوازی بە واتا کلاسیکییەکەی خەریکە نامێنێت: سەرمایەدارەکان وەک گروپچکەیەکی کرێکاری مووچەخۆر پەیدادەبنەوە، وەک بەڕێوەبەرانیک کە شایستەی مووچەی زیاترن بە فەزڵی کارامەییانەوە(هەڵسەنگاندنی ساختەی زانستی لە بەر ئەم هۆیە گرنگە: شەرعیەت بە جیاوازییەکان دەدات). هەر تەنیا بەڕێوبەرەکان ناچنە خانەی کرێکاری زێدەمووچەوە بەڵکو هەموو توێژەکانی وەک خزمەتگوزاریی گشتی، و پزیشک، و پارێزەر، و ڕۆژنامەوان، و ڕۆشنبیر و هونەرمەندیش لەخۆدەگرێت. زێدەکە بە دوو شێوەیە: پارەی زیاتر(بۆ بەڕێوەبەرەکان و هتد)، لەگەڵ ئەوەشدا کاری کەمتر و کاتی بەتاڵی زیاتر(بۆ هەندێ لە ڕۆشنبیرەکان، هەروەها بۆ بەڕێوبەرە حکومییەکان).

ئەو  پرۆسانەی کە ئەوەی  پێیدەنرخێنرێت کام کرێکار زێدەمووچەیەک وەربگرێت، ڕێکارێکی هەڕەمەکی [Arbitrary]و ئارەزووکارانەی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیایە؛ هیچ پەیوەندییەکی بە لێهاتووییەوە نیە؛ هۆکار هەبوونی زێدەمووچەی ئابوری نیە بەڵکو سیاسییە: ڕاگرتنی 'چینی ناوەڕاست'ـە بە مەبەستی پاراستنی  سەقامگیریی کۆمەڵایەتی. ئەم هەڕەمەکیبوونەی هەرەمی کۆمەڵایەتی هەڵەیەک نیە، بەڵکو هەموو مەبەستەکەیە؛ هەڕەمەکیبوونی نرخاندنەکان ڕۆڵیکی هاوتای هەڕەمەکیبوونی سەرکەوتنی بازاڕ دەبینێت. توندوتیژی تەشەنەدەکات، نەک کاتێک کە لە فەزای کۆمەڵایەتییدا زۆر ئەگەر و ئیحتیمال(شیمانە) هەن، بەڵکو کاتێک کە هەوڵدەدرێت ئەو ئیحتیمالانە لابدرێن. لە La Marque du sacre دا، ژان پێری دوپی [Jean-pierre Dupuy]  پێیوایە هیرارشیەت یەکێکە لەو چوار ڕێکارە ('dispositifssymboliques')ی کە ئەرکەکەی ئەوەیە کە پەیوەندییە هیرارکییەکان بە سوکایەتیئامێز نەبینرێت: هیرارشیەت خۆی (نەزمێکی داسەپاوی دەرەکی کە ڕێگەم پێدەدات پلە کۆمەڵایەتییە نزمەکەم ئەزموونبکەم، ئەویش جیا لە بەها زگماکییەکانم)؛ داماڵینی ڕاز و تەمومژ[6] (ڕێکارێکی ئایدۆلۆژی کە  دەریدەخات کۆمەڵگە بەپێی کارامەیی و لێهاتویی بەڕێوەنابرێت [meritocracy] بەڵکو بەرهەمی ململانێ بابەتییە کۆمەڵایەتییەکانە، کە بە دوورم دەگرێت لەو دەرئەنجامە بەسوێیەی کە بلەبەرزی کەسێکی دیکە بەهۆی لێهاتوویی و دەستکەوتەکانییەوەیەتی)؛ ئیحتیمال(ڕێکارێکی هاوشێوە، کە وامان لێدەکات بگەین بەو دەرئەنجامەی کە پێگەی پانتایی کۆمەڵایەتیمان پەیوەستە بە دەرەنجامی جۆرە یانسیبێکی سرووشتی و کۆمەڵایەتی)؛ ئاڵۆزی(هێزە جڵەونەکراوەکان دەرەنجامی چاوەڕواننەکراویان هەیە؛ بۆ نمونە، دەستی شاراوەی بازاڕ دەبێتەهۆی شکستهێنانی من و سەرکەوتنی دراوسێکەم، سەرەڕای ئەوەی من زیاتر و زیرەکانەتر کاربکەم). بەپێچەوانەی دەرکەوتنەکانەوە، ئەم ڕێکارانە ڕکابەر یاخود هەڕەشە نین بۆ سەر هیرارشیەت، بەڵکو وایان لێدەکەن قبوڵکراو بێت، چونکە ئەوەی "دەبێتەهۆی وروژاندنی ئیرەیی، ئەو ئایدیایەیە کە ئەویتر شایەنی بەختە باشەکەی ئەمە، نەک ئایدیا پێچەوانەکە کە تەنها ئایدیایەکە و دەتوانرێت بەڕاشکاوی دەرببڕدرێت." دوپی لەم گریمانەیەوە دەگاتە ئەو سەرەنجامەی ئەوە هەڵەی گەورەیە کە وابزانرێت کە کۆمەڵگەیەکی عەقڵانی و ماقوڵ کە خۆی بە گونجاو بزانێت، ئیدی لە بوغز و کینە ڕزگاریدەبێت: بەپێچەوانەوە، ئەوە لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدایە کە ئەوانەی لە پێگە نزمەکاندان دەرچەیەک دەدۆزنەوە بەهۆی کەرامەتە لەکەدارکراوەکەیانەوە کە  توندوتیژە و پڕ لە وروژمی بوغز و کینەیە.

هەر پەیوەست بەمەوە ئەو مەنگییەی کە ئێستا "چین" تێیکەوتووە:  ئامانجە باڵاکەی ڕیفۆرمەکانی دێنگ(Deng )  ئەوە بوو کە سەرمایەدارییەک پێشکەشبکات کە بۆرژوازیی تیانەبیت(چونکە ئەوانە دەبوونە چینە حکومڕانە نوێیەکە)؛ بەڵام ئێستا سەرکردەکانی چین لە ئازاری ئەو دۆزینەوەیەدان کە سەرمایەداری بەبێ هیرارشیەتێکی جێگیر، کە لەلایەن بۆرژوازییەوە هێزی پێدەدریت، دەبێتە هۆکاری دروستبوونی ناجێگیریی هەتاهەتایی. بۆیە ئاخۆ چین بە چی ڕێچکەیەکدا دەڕوات؟ کۆمۆنیستەکانی پێشوو بەگشتی وەک کارامەترین بەڕێوەبەرانی سەرمایەداری دەردەکەون لەبەر ئەوەی مێژووە پڕ لە دوژمنایەتییەکەیان بەرامبەر بە بۆرژوازی وەک چینێک بەتەواوەتی لەگەڵ ئەو مەیلەی ئێستای سەرمایەدارییدا دێتەوە بۆ بوونە سەرمایەداریی ئیداری کە بۆرژوازی تێدا نەبێت- لە هەردوو حاڵەتەکەدا، هەر وەک ستالین زۆر لەمەو پێش ئاماژەی پێدا، ' کادیرەکان بڕیار لە هەمووشتێک دەدەن.' ( جیاوازییەکی سەرنجڕاکێش لەنێوان  وڵاتی چینی ئەمڕۆ و ڕووسیا: لە ڕووسیادا مامۆستیانی زانکۆ لەڕادەبەدەر مووچەکانیان کەمە- بەشێوەی دیفاکتۆ بوونەتە بەشێک لە پرۆلیتاریا، بەڵام لە چین زیادەمووچەیەکیان بۆ تەرخانکراوە بۆ زامنکردنی فێرکردنەکەیان).

چەمکی زێدەمووچە(یان زێدەکرێ) تیشکی نوێ دەخاتە سەر پرۆسەی دەربڕینی ناڕەزاییە 'دژە سەرمایەدارییەکان'. لەکاتی قەیراندا، بەربژێرە دیارەکان بۆ ' توند کردنەوەی قایشەکان' ئاستە نزمەکەی بۆرژوا مووچەخۆرەکانن: ناڕەزایی سیاسی تاکە بژاردەیانە گەر بیانەوێت ڕێگری بکەن لەوەی بئاخێنرێنە ناو پرۆلیتاریاوە. هەرچەندە ناڕەزایەتیەکانیان تەنها بەناو دژی لۆژیکی دڕندانەی مارکێتە، لە

---

[6]. *demystification*

کردەوەدا ناڕازین لەوەی ئیمتیازی  پێگە ئابورییەکەیان لە داخورانی پلەبەپلەدایە. ئاین ڕاند فەنتازیایەکی هەیە لە ڕۆمانی  ئەتڵەس شروگێد [ *Atlas Shrugged]* *دا لەسەر مانگرتنی  سەرمایەدارە داهێنەرەکان،* فەنتازیایەک  کە خۆی لە بەواقیعیبوونە لادەرەکەی مانگرتنەکانی ئەمڕۆدا دەبینێتەوە، کە زۆربەیان لەلایەن بۆرژوا مووچەخۆر'ـەکانەوە ئەنجامدەدرێت کە ترسی لەدەستدانی زێدە مووچەکانیان هەیە. ئەمانە پرۆتێستۆی پرۆلیتاریا نین، بەڵکو پرۆتێستێکن بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی بوون بە پرۆلیتاریاوە ئەنجامدەدرێن. کێ دەوێرێت ئەمڕۆ ناڕەزایی دەرببڕێت؟ لەکاتێکدا هەبوونی کارێکی هەمیشەیی بۆخۆی ئیمتیازێکە! ئەو کرێکارانەی کە بە مووچەیەکی نزمەوە( کە پاشماوەی) کارگەکانی ڕستن و چنینن و هتد نەخێر، بەڵکو ئەو کرێکارە سوودمەندانەی کە ئیشێکی زامنکراویان هەیە(مامۆستا، کرێکاری گواستنەوە گشتییەکان، پۆلیسەکان). ئەمە هەروەها ئەو شەپۆلە ناڕەزاییەی خوێندکارانیش دەگرێتەوە کە بزوێنەری سەرەکییان ئەو مشتومڕەیە کە خوێندنی باڵا چیدی نەتوانێت زامنی زێدەمووچە بێت بۆیان لە دواتری ژیانیاندا.

لە هەمان کاتدا ئەوە ڕوونە کە ئەم نوسخە نوێیەی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ڕابردوو[٢٠١١]، هەر لە بەهاری عەرەبییەوە  بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا، لە وۆڵ سریتەوە بۆ چین، لە ئیسپانیاوە بۆ یۆنان. نابێت وەک یاخیبوونی بۆرژوا مووچەخۆرەکان ببینرێت. هەر حاڵەتێک دەبێت بە پێی توانای خۆی حسابی بۆ بکرێت. مانگرتنی خوێندکاران لە دژی ڕیفۆرمەکانی زانکۆکان لە بەریتانیادا زۆر بەڕوونی جیان لە تێکهەڵپژانەکانی مانگی ئۆگەست، کە کەرنەڤاڵێکی تێکدەری بەرخۆری بوو، هەڵچوونێکی ڕاستەقینەی بێبەشکراوان. دەتوانرێت بگوترێت کە سەرهەڵدانەکانی میسر دەستیپێکرد وەک  بەشێک  لە یاخیبوونی بۆرژوا مووچەخۆرەکان (کە گەنجە خوێندەوارەکان ناڕازی بوون لە نەبوونی هیچ ئاسۆیەک لە ئایندەیاندا)، بەڵام ئەمە تەنها یەک لایەنی ناڕەزایەتییە گەورەکە بوون لە دژی ڕژێمێکی چەوسێنەر. لە لایەکی ترەوە، ناڕەزایەتیەکان نەیانتوانی کرێکارە هەژارەکان  و ڕەنجدەرەکان بجوڵێنن هەروەها سەرکەوتنی ئیسلامییەکانیش لە هەڵبژاردنەکاندا دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە بنکەی کۆمەڵایەتیی ناڕازییە سێکۆلارەکان زۆر تەنگ بووە. یۆنان ڕەوشێکی تایبەتە: لە دەیەی ڕابردوودا، بۆرژوازییەکی نوێی مووچەخۆر(بەتایبەت بەڕێوەبەرە درێژخایەنەکانی حکومەت) دروستبوو بە دەستگیرۆیی یارمەتییە داراییەکانی یەکێتیی ئەوروپا، و ناڕەزایەتییەکانیش بەهۆی هەڕەشەی کۆتاییهێنان بەمەوە سەریهەڵدا بە زۆری. بە پرۆلیتاریاکردنی بۆرژوا مووچەخۆرە نزمەکان هاوتایە لەگەڵ  پێچەوانەکەیدا کە بریتییە لە پاداشتکردنێکی ناماقوڵانەی زۆری بەڕێوبەرە باڵاکانی بانکەکان (ناماقوڵانەیە چونکە لێکۆڵینەوەکان ئەوەیا سەلماندووە کە لە ئەمریکادا وا دەردەکەوێت هاوڕێژەیەکی پێچەوانەیە بێت بە گەشەی کۆمپانیاکە). لە جیاتیی ئەوە ئەم ئاقارە بدەینە بەر ڕەخنەی ئەخلاقی، پێویستە وەک نیشانەی سیستەمی سەرمایەداری بیانبینین کە چیدی توانای خۆ-جڵەوکردنی سەقامگیرییەکەی  نەماوە؛ بە دەربڕینێکی تر، هەڕەشەی لەدەستدەرچوون دەکات.

سەرچاوە:

https://www.lrb.co.uk/v34/n02/slavoj-zizek/the-revolt-of-the-salaried-bourgeoisie